www.kurdistannet.org
24/05/2002 01:00

# بەخێر نەهاتی. . . . مستەر (بۆش) بۆ ئەلمانیا

عرفان كریم

رۆژی ٢٢. ٠٥. ٢٠٠٢سەرۆكی ئەمریكا جۆرج بۆش لەسەر دانێك دا بۆ ئەلمانیا گەیشتە بەرلین ئەم سەردانەی جۆرج بۆش بەمەبەستی پەیداكردنی پشتیوانی بۆ سیاسەتی جەنگخوازی ئەمریكایە لەئەوروپا پاش ئەوەی كە هەراو هۆریا وبانگەوازی شەرخوازانەی ئەمریكا گوێگری كەم بۆتەوەو
لەئەوروپاو بازاری ئەم شەرە كریاری نەماوە.

ئەگەرچی حكومەتەكانی ئەوروپای رۆژئاوا زیاتر بەپێ ی سودو قازانج و ئاستی بازاری سەرمایەكانیان لەبەرامبەر بازاری سەرمایەی ئەمریكادا بریار لەسەر پیشیوانی وبەشداریكردن لەجەنگەكان د ادەكەن، بەلام لەنێو ئەم وولاتانەدا و لەدەرەوەی بالەخانەی پەرلەمان وكۆشكە (پر لە (دیموكراتیە) نەفرەتلێكراوەكان دا بزوتنەوەیەكی جەماوەری دژ بەشەرو سەرمایەداری بە پێ ی پێوانەی ئینسانی و ئاشتی و عەدالەتی كۆمەلایەتی لەجیهان دا لەبەرامبەر سیاسەتی جەنگخوازانەو دژی ئینسانیەتی سەرمایەداری جیهانی و ئەمریكا پێ ی ناوەتە مەیدان و رۆژ بەرۆژ ئەم بزوتنەوەیە مەودای شەپۆلی خۆپیشاندنەكانی لە دەیان هەزارەوە بۆ سەدان هەزار كەس فراوان تر دەبێت وگەشەدەكات.

هەر لەدرێژەی خەباتی ئەم بزوتنەوەیەدا رۆژی ٢٢. ٠٥. ٠٢ زیاتر لە١٠٠. ٠٠٠ سەد هەزار كەس لە شاری بەرلین بۆ نارەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە هاتنی جۆرج بۆش بۆ ئەلمانیا خۆپیشاندانیان كرد ئەم خۆپیشاندانە لەژێر دروشمی (تۆ بەخێر نەهاتی بۆش شەری تۆمان ناوێ) بەرپاكرا وەزیاتر لە ٢٤٠ حزب وریێكخراوی سیاسی چەپ وسەندیكاو رێكخراوی جەماوەری و كۆمەلایەتی بەشداریان كرد. حكومەتی ئەلمانی لەترسی خۆپیشاندانەكە گەورەترین ژمارەو هێزی پۆلیسی هێنابوو بۆ شاری بەرلین كەژمارەیان ١٠. ٠٠٠دەهەزار پۆلیس بوون وە لەكاتی خۆپیشاندەكەدا دەرگیری لە نێوان هێزەكانی پۆلیس و خۆپیشاندەران دا رووی داو بووە هۆی بریندار بوونی ٤٠ چل پۆلیس و دەسگیر كردنی زیاتر لە ٥٠ پەنجا كەس و هەر لەكاتی خۆپیشاندەكەدا نوێنەرانی حزبی سەوزی ئەلمانیا ویستیان كۆبوونەوەیەك ساز بدەن ولەناو خۆپیشاندنەكەدا بەمەبەستی پاكانەكردن بۆ سیاسەتی حزبی سەوز كە پشتیوانی لەسیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریكا دەكەن بەلام ئەم كۆبوونەوەیە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە تێكدراو سكرتێری حزبی سەوز درایە بەر هێلكەو شەربەت بەسەرو گوێلاكی دا كرا بۆرۆژی دوای كەجۆرج بۆش لەكاتی خوێندنەوەی وتارێك دا لەناو پەرلەمانی ئەلمانیادا لەلایەن نوێنەرانی حزبی دیمكراتی سۆسیالیستی ئەلمانیاوە بانگەوازی (بۆدەرەوە بۆدەرەوە شەرخواز بۆدەرەوە) لێ كراو وەجۆرج بۆش شپرزە بوو رەنگی دەموچاوی گۆرا. شایانی باسە دامودەزگای ئیستخباراتی ئەمریكی ئەوەندە ترسیان لێ نیشتبوو كەناچار بوون ٦٠٠شەش سەد كەس لە هێزی موخابەراتی خۆیان بهێنن بۆ پاراستنی جۆرج بۆش. ئەم خۆپیشاندانەی بەرلین هەنگاوێكی گەورەو پر لەقودرەتی بزوتنەوەی دژی شەرو سەرمایەداری نیشان دا وئەوەندەی تر بۆ جیهانی نیشان دا كە ملهوری ئەمریكاو سیاسەتی شەر خوازی شتێكی حەتمی نی یە.

ئەلمانیا ٢٣. ٠٥. ٠٢